# شاری مۆسیقاره سپییەکان: زمانی بەختیار عەلی و شرۆڤەیەکی زمانەوانیی

خەتاب سابیر

ئابی2006

## بەشی چوارەم

میشێل فۆکۆ لە یەکێ لە وانەگوتنەوەکانیدا لە کۆلێژی Collège de France ساڵی 1970، گوتارێکی پێشکەشکردووە بەناوی دیسکۆرس لەسەر زمان "Discourse on Language" کە دواتر بە "ئارکیۆلۆجی زانین knowledge و دیسکۆرس لەسەر زمان" ناوبانگی دەرکرد ( Smith, 1972, p215 ). فۆکۆ ئاماژە بە دۆخێک دەدا کە دیسکۆرس ئەو چوارچێوانە دەردەخات کە دەتوانرێ ، بەگوتنیان و بیستنیان هەستیان پێبکرێ.

ئەم جۆرە تێزە سەرەڕای ئەوەی کەم تا زۆر کەوتووەتە بەر ڕەخنەو شیکردنەوەی جیاواز جیاوازەوە، بەڵام گرنگیی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای فۆکۆ سەرەڕای ئەوەی لەسەر پێوەندیی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر بووە تا چوارچێوەگەلێک کە نووسەر یان دانەر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات ( Smith, 1972, PP. 216-237 )، بەڵام لەمەڕ وردەکاریی دیسکۆرسی زمان و زمانی نووسیندا بایەخێکی زۆری هەیە.

هەر لەهەمان گوتاردا فۆکۆ جەخت لە دوو تەوەرەی سەرەکیی چەمکەکانی ناو گوتارەکە دەکاتەوە کە " دیسکۆرس" و " ئەرک و کارکردی دانەرە - the author function"، کە پێیوایە نووسەر یان دانەر ئازادە لە داڕشتنی نەخشەسازیی و هێڵکاریی ناو بابەتەکەی و خوێنەریش بەهەرکوێیەکدا ببات. لێرەدا ئازادیی نووسەر لەوەدایە کە چۆن ڕنەکاریی لە تەکنیک و ناوەڕۆک و میتافۆر و تەنانەت دیسکۆرسی زمانەکەشدا بکات، بەڵام بەو واتایە نییە کە ئازادیی هەبێت زمانێک لەناو زمانێکی تردا دروست بکات لەئەنجامی ڕەنێوهێنانی بیری خۆیەوە.

جۆرە دەستەواژەگەل و دەربڕینێکی تایبەت هەیە بەختیار وا پێدەچێت لە تێکەڵەیەکی فارسیی و کوردیی و عەرەبییەوە بەرهەمی هێنابێت. زمانی عەرەبیی پێش هاتنی ئیسلام بەس ڕەنگی لەم عەرەبییەی ئێستا دەچوو، بەڵام پەیامبەری ئیسلام توانیتی زۆر وشەی نوێ بهێنێتە نێو زمانی عەرەبییەوەو زاراوەی هۆزی قورەیشیش بەسەر زاراوەکانی تری زمانی عەرەبییدا زاڵبکات و بەهۆی قورعانیشەوە توانرا چەندین وشەی داتاشراو و پەژمردەو نەبوو، لە زمانی عەرەبییدا جێکەوت بکرێن. مەگەر بەختیاریش دەیەوێ لەسەر زمانی کوردیی هەمان کار پێڕۆ بکات!

بەختیار لە لاپەڕەی 211ی ڕۆمانەکەیدا بۆ ئەوەی دەمی زۆرکەس لەسەرخۆی دابخات ئەگەر نیازیان هەبێ ڕەخنەی لێبگرن، کەوتووەتە لاقرتێکردن بە ڕەخنەگران و ئەوانەی لەبواری زمانەوانییدا سەرەلەقێ دەکەن. ئەم نووسینە لەو باوەڕەدایە، ئەو سەرنجانەی لەزمانی عەلی شەرەفیارەوە دەدرێت، کە دەڵێ " من لەو ساتەدا وەک ئەو ڕەخنەگرانە هاتە بەرچاوم کە لەو دەورو زەمانەدا بەچاخانەکاندا دەسوڕانەوە، لەناو ڕۆژنامەکاندا تەراتێنیاندەکرد و دونیایان بەو جۆرە تێبینییانە سەرقاڵکردبوو..........ها گوێبگرە دواجار گەر ڕۆژێک ئەو کتێبە دەرچێت خەڵک ڕەخنە لە من دەگرن...سەد کەس هەن لەم سەرەو سەری دونیادا، لەسەر ئەم کاسبییە دەژین، کە کاسبی نوسەرە بێبەهرەکانە، پێویست ناکات تۆ سەری خۆت

بەوەوە بێشێنیت" تەنها پێشبینییکردنی ئەو رەخنانەی دێنە کایەوە لەسەر زمانی شامۆس ، بەختیار عەلی وا لێدەکات ئەو چەند رستەیە بئاخنێتە ناو رۆمانەکەوە.

بەڕاستیی ئەگەر بەختیار عەلی نەتوانێت کۆنترۆڵی زمانی زگماکیی خۆی بکات کە زمانی کوردییە ، ئەوە دڵنیابێت بەم تەمەنەی ئێستایەوە هەرچی زمانێکی تر فێرببێ یان ئەوەی تا ئێستاش دەیزانێ لە زمانەکانی تر لەم کوردییەی ئێستای باشتر نابێ. تەنها ئەو پارەگرافەی لە رۆمانەکەی بەختیار وەرگیراوە، هەڵەی داڕشتن و زمانەوانیی زۆر تێدایە، بەڵام ئایا دەکرێ رۆمانێکی مەزنی لەم چەشنە بنووسی و ئەو هەموو هەڵەیەت بەسەردا تێپەڕببێت. هیچ کەس نییە هەڵە نەکات، ئەم توێژینەوە کورتەش پاش چەندین جار پێداچوونەوە، کەچیی هەر هەڵەبڕیی یەکجاریی ناکرێ. بەڵام هەڵەش تا هەڵە کەوتووە. هەرچەند گەڕام بۆ وشەی (ئێش ) نەمتوانی لە ( بێشێنێت ) دا بیدۆزمەوە، باشتر نەبوو بنووسێ بیەشێنێت ، یان بئێشێنێت.

بەختیار کە لە ئەوروپا دەژیت، دڵنیابێت ئەگەر نووسەرێکی رۆژئاوایی ئەو جۆرە هەڵانە لەزمانی نووسیندا بکات، جەماوەری نووسینەکانی لەدەست دەدات و دەشبێتە جێگەی کاریکاتێر و پێکەنین. تائێرەش ئەگەر کورد چەندین نووسەریان بەخشیوە، یان زۆر بەهەند وەریاننەگرتووە ، پێوەندیی بە دەردەسەریی زمانی کوردیی و نەبوونی ستانداردێکی پرۆفیشناڵەوەیە، ئەگینا ئەمە نابێت هەروا بەئاسانیی بە رۆژگار بسپێردرێت و خەمێکی لێنەخوردرێ.

تەنها شارەزاییم لەزمانی عەرەبیی و ئینگلیزییدا هەیە، بەڵام ئەم بێدەربەستییەو خەمساردییەی لەزمانی کوردییدا هەیە پێموایە لە هیچ زمانێکی تردا نییە. زمانی عەرەبیی بۆخۆی زمانێکی پاراوە و رەوانبێژییەکی بێئەندازە قووڵی هەیە و وریایی و شارەزاییەکی زۆری دەوێت بەعەرەبیی بنووسیت و نەکەویتە هەڵەو داوی زمانەوە. بۆ ئەدەبی نوێی ئینگلیزیی و زمانی ئینگلیزییش زۆر ئەستەمە نووسینێکی ئاکادیمیی یان رۆمانێک هەبێت لەچاپ درابێت و چەندین کەسی پسپۆر لە زماندا پێیدا نەچووبێتنەوە، هەر هیچ نەبێ لەبەر ئابڕووی چاپخانەو دەزگای چاپکردنەکە کە کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە،لای کەم کەسێکی پسپۆر لەزماندا، پێش لەچاپدانی بەزمانی تێکستەکەدا دەچێتەوە.

لەسەر تێڕوانینەکای فۆکۆوە بۆ دەسەڵات و رۆشنبیر، بەختیار وەک رۆشنبیرێکی چالاکی کورد، هاتووە بەجوانترین و بەکەڵکترین دیسکۆرس و جوانترین زمانی فانتەسیی و دایەلۆگی رۆمان و تەرزی ستاتیکیی ، سەراپای دەسەڵاتی عەرەبیی و ئایینیی و بەعسیزمی شۆریوەتەوە، تەنانەت کەوڵی ئەو میلیشیایانەیشی پێستەتاش کردووە کە بەناوی کوردایەتیی و پێشمەرگایەتییەوە نان و رۆنیان بە ئێسک وپرووسکی قوربانییەکانی ئەنفالەوە دەخوارد و ئامادەبوون دەیان تاوانباری وەک سامیری بابلیی و نەزارلخەزرەجیی و وەفیق سامەڕائیی و تەحسین شاوەیس بپارێزن و پاکانەیان بۆبکەن و تەنانەت بە پاڵەوانیشیان بکەن. سەرەڕای هەموو ئەو داشۆرینە مۆراڵیی و مرۆیی و سیاسیی و کولتوورییەی لە دەقێکی مەزنی وەک شامۆسدا بەسەر دەسەڵات بەگشتیی و دەسەڵاتی رەهای بەعس و بەعسیزم و حیزبە کوردییەکاندا بەتایبەتیی هێنراوە، چەند لەناوەڕۆک و کۆنتێکستەکاندا کەڵەگەت بن، کەچیی بەداخەوە لە چرۆی زماندا شکاونەتەوەو سەرلەبەر شامۆسی تێدا هەڵپاچکراوە.

گارەی Hernán López-Garay لەسەر بناغەو دۆکترینە زمانەوانییەکانی هایدێگەرەوە Martin Heidegger کە دەڵێ " زمان لە میانەی ئێمەوە دەخائفێ" "language speaks through us, "، بۆچوونێکی زۆر وردو

سەرنجراکێشی هەیە، ئەو پێیوایە سەرەڕای ئەوەی هەر کۆمەڵگەو نەتەوەیەک، زمانی داڕشتن و دیسکۆرسی جیاوازی خۆیان هەیە، بەڵام ئەگەر زمان داماڵیت یان ئەوەی پێی دەڵێن ئەبستراکتی بکەی له کۆنتێکستە کولتوورییەکەی، وەک ئەوەی هەندێ کەس پێی دەڵێن زمانی ئینتەرناسیۆنالیی international language، جگە لە شتێکی پووچ و لاشەیەکی مردوو corpse، فڕی بەسەر زمانەوە نامێنێت ( Garay, 2001 ).

بەختیار عەلییش وەک نووسەرو بیرمەندێکی کورد دەبێ خاوەن دیسکۆرسێکی پتەو و ڕەهەند روون بێت. ناکرێت کورد ڕۆماننووسێکی گەورەی وەک بەختیار عەلی هەبێت ، پرۆژەیەکی تیۆریی لەسەر زمان نووسیوەو چالاکترین نووسەری هاوچەرخی کوردە ، کەچیی لە زۆر شوێنی نووسینەکانیدا وێرانەی پێوە دیارە. ناکرێ دیسکۆرسی گوتارەکانی بەختیار لەناوەڕۆک و بەهای ستراتیژیی و کارکرد لەکۆمەڵگەدا بەهێز بن ، بەڵام لەمەڕ وردەکارییەکانی زمان، لەسەر رینگ بڕۆن. لەمەڕ ڕوانگەی گارەیەوە، شامۆس بەتەواوەتی پێوەی دیارە کە زمانی کوردیی لە ریتمە کولتوورییەکەی خۆی ئەبستراکت کراوەو لاسایی زمانگەلێکی بیانیی پێکراوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گرفتی تێگەیشتنە کولتوورییەکان و ناسینەوەی بارگەو ئاراستەی واتا شاردراوەکان و ستاتیکای ناو زمانی کوردیی کراوە بەقوربانیی بۆ حەزێکی فانتەسیی کە بەدڵنیاییەوە جگە لە زیانگەیاندن بەزمانی کوردیی ، دەستکەوتێکی تری نابێ.

ئەگەر لایەنی گرامەتۆلۆجی بەتەواویی بخەینە لاوە، هێشتا لۆژیکی زمان لە تەتەڵەکردنی تێکستەکەدا لەلایەن خوێنەری بەڵەدەوە بە ئاسانیی هەستپێدەکرێ. یەکێک لەگرنگترین نووسینەکانی ڕەسڵ لەسەر دیارییکردن و بەهێماکردنی دیاردەکان کە بە on denoting ناسراوە، گرنگیی دەستنیشانکردنەکان لە لۆژیکی زماندا شیکار دەکات و زۆر بەوردیی ئاماژە بەوە دەدات کە گرنگیی دەستنیشانکردن هەر لە لۆژیک و ماتماتیکدا نییە، بەڵکوو لە تیۆری زانینیشدا knowledge هەیە، هەروەها گرنگیی کۆنسێپتی on denoting لە ناسینەوەو ڕچەشکاندنی ئاڵۆزییەکانی زماندا لە پێکهاتەکانی constituents بەشە جیاوازەکان و وشە پەرتوبڵاوەکاندا دەکاتە سەرمەشقی ناسینەوەو بەیەکەوە لکاندنی تێرمەکان و واتاکان و لەسەرەنگ دانیان لە ناو ڕەوشی زماندا ( Russell 1905 ).

ئەگەر ئەم بۆچوونەی ڕەسڵ لەگەڵ دەربڕینەکانی بەختیاردا لەسەر دوو ئەسپە سپییە ئەفسووناوییەکان بکەینە بەرامبەر یەکەوە، بەئاسانیی تێدەگەین ئەو زمانە پڕ لەتەمومژەی ambiguity بەختیار نەک لە دیارییکردنی ئاماژەکان و ئامانجەکانی بەکارهێنانی ئەسپ و گرێدانەوەی بە خولیاو بیری جەلادەتەوە خوێنەر تووشی دەردەسەریی دەکات، هاوکات جگە لە ئەفسانە دروستکردن لەدەقدا خوێنەر بەهیچ تەڕاییەک ناگەیەنێت کە دەمی وشکی پێ تەڕبکات. بەواتایەکی تر بەختیار دەیەوێ پێوەندیی نێوان زمان و "واقیع" بپچڕێنێ. چونکە بەختیار ئەوەندەی لەخولیای ئەوەدایە کە پێوەندیی نێوان زمان و "واقیع" بپچڕێنێت، ئەوەندە بەشوێن ئەوەوە نییە کە "واقیع" لە واقیعی زماندا ئۆقرە پێبگرێ، بەبێ ئەوەی سروشت و گیانی زمانەکە لە دۆخە کولتوورییەکەی ئەبستراکت بکات.

زانستی سیماسیۆلۆجی (*semasiology* ) لە ئەدەب و زمانی نووسیندا نەک هەر بایەخێکی زۆری هەیە، بەڵکوو کۆڵەگەیەکی سەرەکیی دیارییکردنی هێڵکارییەکانی ناو زمانیشە. فانتەسییکردن بە زمانەوە تا جێگەیەک خۆشە کە چێژ بەخوێنەری وریا بگەیەنێ. ئەگەر لە سنووری سیمانتیکسی ( semantics – لیکۆڵینەوە لە واتاکانی زمان ) خۆی تێپەڕی کرد، جگە لەبەیەکدادان و هێنان وبردن شتێکی تر ڕەنێو ناهێنرێ. سیمانتیک لە نووسیندا زۆر گرنگە، چونکە بەتێکستەکەیدا هەرچەندە ئاڵۆزیش بێت وێنەی ئەو بەری ئەندێشەی وشەکان ڕەنگرێژ دەکرێ.

ئەم بێدەربەستییەی لە شامۆسدا هەیە لەمەڕ سینتاکسی ( Syntax – شێوازی داڕشتن لە رستەوزماندا یان رەوانبێژیی ) زمانەکەیەوە، خاڵێکی سەرەکییە لە لاوازیی زمانی رۆمانەکە. بۆ ئەدەبی رۆژئاوا ئەمە بابەخێکی هەنووکەیی نییە، بەڵکوو مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. هەر دەقێک، بەتایبەت ئەگەر دەقێکی مەزن و نەمر بێت، بینین و روانین ( vision ) بەچیی دەچێت تێیدا ئەگەر سەروگوێلاکی سینتاکسەکەی شکابێت؟ ( Black, 1962, p.117 ).

زمان چەند گرنگیی هەیە لە بواری فەلسەفیی و تیۆریی و ئەدەبدا، ئەوەندەش لە قەبڵاندنە ئاکادیمیکییەکاندا گرنگیی هەیە. ئاکادیمییبوون بە وەرگرتنی بڕوانامەی بەرز نییە، سەدان نووسەر و رۆشنبیری گەورە هەن لە پرۆسەو سیستەمی ( خوێندن ) ەوە پێنەگەییوون، بەڵکوو لە ئەنجامی خۆماندووکردن و خوێندنەوەی تایبەتی خۆیانەوە پێگەیشتوون. کەم نین ئەو پیاوە بەناو ئاکادیمیستانەی لە زانکۆکانی کوردستاندا لەبری وتنەوەی زانین و رۆشنبیریی ، زبڵوزاک دەڵێنەوە.

بۆ ئەوەی نووسەرێکی پڕ بەهرەبیت و بۆچوونە تیۆریی و ئەدەبییەکانت باشترو کاریگەرتر بگەیەنیت بەخوێنەر، دەبێت نووسەرێکی چاک بیت لەبواری زمان و رەهەندەکانی زمانیشدا. یەکەمین چاینییس ( Chinese – خەڵکی وڵاتی چاینە ) کە خەڵاتی نۆبڵی لەئەدەبدا بردەوە گاو زینگیان Gao Xingjian بوو کە لەساڵی 2000 دا خەڵاتی نۆبڵی لەئەدەبدا بەدەستهێنا. ئەم رۆماننووسە، هاوکات چیرۆکنووس و هونەرمەندی وێنەکێشان و وتارنووسی سیاسییش بوو، لە کورتە پێشەکییەکەی دەزگای نۆبڵ لەوڵاتی سویدا هاتووە، کە " بۆ شاکارە ئەدەبییەکانی oeuvre لەئاستێکی جیهانییدا، وردبوونەوەو تێگەیشتنە تاڵەکان و بلیمەتیی لە زماننناسییدا کە رەوگەیەکی نوێی لە رۆمان و درامای چاینییدا کردەوە" پێیدراوە.